# قەیرانە ئابووریەکانی جیهان و دەرهاویشتە مەترسیدارەکانی



نووسینی: ئەنوەر نەجمەدین

لە نێوان ۲۰۰۸ و ۲۰۱٦ دا

# سەرەتایەکی مێژوویی کورت[1]

لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە، هەوڵێکی فراواندرا بۆ ڕاگرتنی دینەمۆی قەیرانە ئابووریە ناوبەناوەکانی جیهان. ڕێکخستنی هاوبەشی کاروباری دارایی سەرمایە، چاودێری هاوبەشی وولاتان، دامەزراندنی ڕێکخراوی جیهانی بۆ یاریدەدانی کۆمپانیا گەورەکان و دەوڵەتان، دامەزراندنی (OECD) لە نێوان وولاتە پێشکەوتووەکاندا بۆ کۆمەک کردن و گەشەپێدانی ئابووری، دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ سەقامگیربوونی نرخی دراو لە سیستمی ڕکابەری جیهانیدا، دانانی تەرازوویەک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان قەرزدەرو قەرزار، دانانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە ساڵی (١٩٤٥) دا لە ڕێکەوتننامەیەکدا بە مەبەستی کاری هاوبەشی وولاتان و ڕێکخستنی پرۆسەی سەرمایەگوزاری، بەشێک بوون لەو هەوڵە چڕانە. بەڵام ئەو هەولانە، هەرگیز بە فریای ئابووری جیهان نەکەوتن. بەڵکو سەرلەنوێ و هەر لە ناکاوێکدا، پارسەنگی ئابووری جیهانی لار بووەوەو قەیرانێکی فراوانتر لە هەر سەردەمێکی ڕابووردوو، یەخەی بە جیهان گرتەوە، ئەو قەیرانەی ئابووریناسە بازاڕیەکان؛ بە قەیرانی دارایی ناویان دەبرد. بەڵام زۆری نەخایاند، زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان، دانیان بەوەدا نا کە ئەم قەیرانە ئابووریە، لە تێکچوونی پارسەنگی پیشەسازیەوە دەستپێدەکات و جیهانیش بەم نزیکانە، ناگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی، بەڵکو کارەساتی ئێجگار گەورەیش بەداوی خۆیدا بەکێش دەکات لە چەشنی کارەساتەکانی سەدەی ڕابووردوو، ئیتر هەر لە بێکاری و هەژاری و گرانی و جەنگ و ناکۆکی کۆمەڵایەتیەوە تا بە برسێتیە گەورەکانی جیهان دەگات.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بە **مەنهەج و مێتودێکی تاقیگەیی**، ئۆبجێکتەکانی ئەو قەیرانە، دەخەینە بەر پرسیارو هەوڵئەدەین خەسڵەتی قەیرانی ئابووری بە گشتی و دەرهاویشتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی قەیرانی ئەم چەرخە بە تایبەتی، ڕوون بکەینەوە.

---

[1]. ئەم بابەتە لە نێوان ساڵی ٢٠٠٨ و ساڵی ٢٠١٦ نووسراوە. بەشێکی لەو بابەتە عەرەبیە وەرگێراوە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە (الحوار المتمدن) دا بە زمانی عەرەبی بڵاوم کردۆتەوە. بەردەوامیش هەوڵی دەوڵەمەند کردنی دەکەم بە باس و داتاو ڕووداوە نوێکانی جیهانی سەرمایەداریی ئەم چەرخەمان.

# مێژووی قەیرانە ئابووریەکانی جیهان

مێژووی یەکەمین قەیرانی ئابووری جیهانیی هاوچەرخ، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە بریتانیا، قەیرانێک کە لە هەرەسی بازاڕی دارایيدا ڕەنگیداوەتەوەو بە (تۆقینە مەزنەکەی ١٨٢٥) ناسراوە لە مێژوودا. ئەو قەیرانە، بە داخستنی ٦ بانکی لەندەن و ٦٠ بانکی بریتانی دەستپێدەکات و بەخێرایی لە ئەمریکای لاتین و ئەمریکای سەروویش دەدات. وە ئەوەی لەو کاتەدا بریتانیا لە هەرەس دەپارێزێت، دەرچوونی ئاڵتوون بووە لە بانکی فەرەنساوە بەرەو بانکی ئینگلترە.
لە ساڵی ١٨٣٠ یشدا، فەرەنسا خۆیشی دەکەوێتە قەیرانێکی لەو جۆرەوە. وە ئیتر هەر لە سەرەتای ئەو سەدەیەوە، قەیرانی ئابووری، مۆرکێکی جیهانی لە خۆدەگرێت. وە لەودەمەیشەوە تا ئێستا، سایکڵەکانی سەرمایەی پیشەسازی لە بازاڕێکی جیهانیدا، ناو بەناو، لە دوای هەر پێشکەوتنێک لە تەکنۆلۆژیادا، کەوتوونەتە نۆبە دەوریەکانەوە. ئەمەیش هەمیشە بە سستبوون و داچوونی ئابووری وولاتە پیشەسازیە گەورەکان دەستپێدەکات و بە زێدەی بەرهەمهێناندا تێدەپەڕێت، واتە "زێدەی سەرمایە" و "زێدەی دەستیکار". ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان، دەکەونە دەرەوەی کارکردن و سەرمایەیەکی زۆریش لە کار دەوەستێت. وە ئیتر ئەمە، هەروەک هێزی ڕاکێشان، هەموو دیاردەکان بەرەو سەنتەر ڕادەکێشێت، بەرەو قەیرانێکی جیهانی بەرفراوان. ئەو قەیرانە فراوانە، هەردەم لە نێوەندی پیشەسازیەوە دەستپێدەکات و بەزوویی دەچێتە ژیانی بازرگانیەوەو پاشان دەگاتە هەرەسی دارایی. ئەم پرۆسێسەیش وا دیاریکراوە کە هەر ١٠ ساڵ جارێک دەگەڕێتەوەو بازاڕی جیهانیی سەرمایە، دێنێتەوە یەک. وە لە سەرنجێکی خێرادا، ئەو ڕاستیە مێژووییە دەبینینەوە کە لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەی دواییدا، هەر ١٠ ساڵ جارێک، قەیرانی ئابووری، لە جیهانی داوەو پارسەنگی ئابووری جیهانی شێواندووەتەوە: ١٩٧٠، ١٩٨٠، ١٩٩٠، ٢٠٠٠، ٢٠٠٨.

ئەو پرۆسێسە مێژووییە پەنجا ساڵیە، هەروەک سروشتی خۆی، لە زێدەی بەرهەمهێنانی ڕێژەییەوە (فائض الانتاج النسبي) دەستپێیکرد. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە لە سەرەتادا، تەنها ئەم تاکە کەرتی ئابووری و ئەو وولات بەردەکەون و بەدەست ساغکردنەوەی کاڵاکانیانەوە دادەمێنن. بەڵام ئەم حاڵەتە،

لە ماوەی نیو سەدەدا، تێپەڕی کرد بۆ زێدەی بەرهەمهێنانی ڕەها (فائض الانتاج المطلق) لە هەموو جیهاندا، واتە "زێدەی کەرەسەکانی بەرهەمهێنان" و "هێزیکار" و "کاڵا ئیستیهلاکیەکان" پێکەوە، ئەمەیش وەک دەرئەنجامی تووشبوونی هەموو کەرتە ئابووریە جیاوازەکان و هەموو وولاتانی جیهان بەو دەردە. وە هەتا ئەوکاتەی ناوچەی یۆرۆ، تووشی داچوونی گەورە نەهاتبوو وە سستبوونێکی بەرفراوان باڵی بەسەر ئابووری ئەوروپیدا نەکێشا بوو، جیهان نەکەوتبووە داچوونێکی گشتیەوە. قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری یۆنانی و گەیشتنی خێرای بە ئیرلەندەو پورتوگاڵ و ئیتالیاو ئیسپانیا بەتایبەتی، سەرەتای قۆناغێکی تری داکەوتنی ئەو نەخۆشیە بوو لە هەموو جیهاندا. ئەو فاکتەرەیشی کە هەتا سەرەتای ئەم دەیەیەی ئێستامان، پارسەنگی ئابووری جیهانی ڕاگرتبوو، ئابووری چین و هیند بوون کە هاوکێشەکانی قازانجیان لە جیهاندا، بە بەرزی هێشتبۆوە. هەرئەوەندەی ناوچەی یۆرۆو بەدوای ئەویشدا یابان، لەو قەیرانەوە ئالان، ئیتر چین و هیندیش وەک وولاتانی تری ئاسیا، بەتایبەت تایلاند، بەکێش کرانە نێو بازنەی قەیرانە جیهانیەکانەوە. قەیرانی پیشەسازی و بازرگانییش، وەک پێویست، وولاتانی کەرەسەی خاویشیان لە خۆیانەوە ئالاند، بەتایبەت سوریا، لیبیا، عێراق .. هتد، ئەو وولاتانەی تا دەهات، کەرەسەی خاوی پیشەسازی؛ گرانتر دەبوو تیایاناو ئەمەیش بە دەوری خۆی، قەیرانی پیشەسازی قووڵتر دەکردەوە. ڕاکێشانی تەواوی وولاتانیش بۆ مەداری قەیرانی پیشەسازی و بازرگانی، واتە مانەوەی کاڵا ئیستیهلاکیەکان و کەرەسەکانی بەرهەمهێنان لە مەخزەنە بازرگانیەکاندا؛ وەک دەرئەنجامی نەبوونی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەیان، کە ئەمە بە زێدەی بەرهەمهێنان ناودەبرێت، هەستی بوونی ئەو قەیرانەی گەیاندە بن هەموو سەقفێک لە سەقفی خێزانە هەرە هەژارەکانی جیهان و بەدوای ئەوانیشدا خاوەن داهاتە مامناوەندیەکان. وە ئیتر ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لەو توێژە کۆمەڵایەتیە مامناوەندیە، بەلێشاو داباریە نێو ڕیزی هەژارانەوەو هەژارانیش بەلێشاو، کەوتنە خوار هێڵی هەژاریەوە. ئا ئەمە بۆ خۆی، یەکەمین زەنگی برسێتیە گەورەکانە لە جیهاندا. وە ئیتر لەوێوە، قەیرانی ئابووری، بە توندی جیهانی ڕاوەشاندو وەک داکەوتنی پەتایەک، خۆی کوتایە نێو هەموو کەرتە ئابوویەکانەوەو هەموو کۆمپانیا هاوپشکە گەورەکانی جیهانیش وەک سەرمایەی بەرهەمهێنی سوود، وە هەموو وولاتێکیشی تێوەگلا، بەتایبەت ئەمریکا، بریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، یابان، چین کە ئابووریە ئێجگار بەهێزو پێشکەوتووەکانی جیهانن و هەموو نەخۆشیەکیان، دەبێتە مایەی داکەوتنی دەردێکی جیهانی. ئەمەیش شەپۆلی گەورەتری مایەپووچ

ببونی کۆمپانیاکان و کورتهێنانی بودجەو تێکچوونی پارسەنگی بازرگانی و لەوانەیشەوە سیاسەتی دەستگرتنەوە، کەمکردنەوەی کرێیکار، بێکاری، هەژاری، گرانیی پێداویستیە گرنگەکانی ڕۆژانەی ژیان و گوزەرانی کردە دیاردە هەست پێکراوەکان لە هەموو سووچێکی بازاڕی جیهانیدا. هەر ئائەمە، لە ماوەی دوو دەیەدا، نرخی خۆراکی بە ڕێژەی ٨٠٪ بردە سەرەوە لە جیهاندا، ئەمە ئەگەرچی؛ بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی ژیان، بە ڕێژەی ١٠٪ لە سەروو ئیستیهلاکی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی ژیانەوەیە. وە هەر ئەمە لە ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ دا، شەپۆلێکی ئێجگار فراوانی لە شەڕی سەر شەقامەکان، کردە دیاردەیەکی ئاشکرا بە ناوچەوانی ئەم چەرخەوە کە ژمارەیەکی زۆری لە وولاتان گرتەوە، وەک: مەکسیک، بەنگلادیش، پاکستان، یەمەن، میسر، سریلانکاو زۆری تریش. ئەو دیاگرامەی فاو (FAO) لەخوارەوە، بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی نیشان ئەدات لە نێوان دوو دەیەی ئەم دواییەدا (١٩٩٠-٢٠١١) دا:




سەرچاوە: Food and Agriculture Organization of the United Nations

جێی خۆیەتی لێرەدا بپرسین: ئەم گرانیە بۆ؛ لەکاتێکا کە شتومەک کەڵەکە کراوەو مەخزەنەکان پڕن لە کاڵا ئیستیهلاکیەکان؟

بەشێک لە ئابووریناسە بازاڕیەکان، هۆکاری گرانیەکانی ئەم چەرخە دەگێڕنەوە بۆ یاسای خستنەڕوو داخوازی (العرض والطلب)، وە وای دادەنێن گوایە ئاستی

خستنەڕوو نزمە بەبەراوورد لەگەڵ داخوازی، ئەمەیش گوایە بەهۆی ووشکەساڵیەوە. وە بەم بۆچوونەیش، دەیانەوێت بمانگێڕنەوە بۆ تێزەکانی مالتۆس و ڕێکاردۆ کە گوایە سروشت بێتوانایە لە پڕکردنەوەی پێداویستیە ئیستیهلاکیەکانی ژیاندا؛ بۆیە برسێتی ڕوو دەدات. ئەمە لە کاتێکا بەپێچەوانەوە، دەتوانین بە مێتودێکی تاقیگەیی بیسەلمێنین، ڕێژەی خستنەڕووی کاڵا ئیستیهلاکیەکان، بەرزترن لە داخوازییان لە بازاڕی جیهانیدا. خودی یاسای خستنەڕوو داخوازی خۆی، هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدانی ناوبەناوی قەیرانەکانە. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پرنسیپی سەرەکی داخوازی، هەر پێداویستی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو ڕێژەی قازانجیشە. بۆیە لە حاڵی تێکچوونی پارسەنگی ئابووریدا، ناتوانرێت هەموو جووڵەیەکی بازاڕو شەپۆلەکانی نرخ تیایا، بە شێوەیەکی ڕەها، بە پەیوەندیە سروشتیەکەی نێوان خستنەڕوو داخوازی، لێکبدرێتەوە. لە سەردەمی قەیرانەکاندا، هەموو بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەیەک لە نرخەکانی بازاڕدا، واتای بەرزبوونەوەو نزمبوونەوە ناگەیەنێت لە خستنەڕوو داخوازیدا. ئەمەیش دیاردەیەکی نوێ نیە لە جیهاندا، بەڵکو مێژووی لەگەڵ مێژووی قەیرانی پیشەسازی سەرمایەداری جیهانیدایە. وە ئەگەر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە مێژووییەیش، بەخێرایی بگەڕێینەوە سەر قەیرانی ساڵانی سیەکانی سەدەی ڕابووردوو، ئەوا قەیرانی بەرفراوانی پایزی ۱۹۲۹ کە دەکەوێتە سەدەیەک دوای (تۆقینە مەزنەکەی ۱۸۲۵)؛ نیشانمان دەدات، قەیرانی سەدەی ڕابووردوو کە لە قەیرانی سەدەی پێش خۆی، قووڵترو فراوانتر بوو، وە قەیرانی ئەم چەرخەیش کە لە هەر سەردەمێکی پێش خۆی، قووڵترو بەهێزترو مەترسیدارترە، لە کاتێکا ڕوو دەدات کە جیهان پڕە لەو بەرهەمهێنراوە کەڵەکەبووانەی بە هەزاران تەنیان لێ لەناودەبرێت لە بری خستنەڕوویان.

قەیرانی ۱۹۲۹/۱۰/۲٤ کە بە ڕاوەشاندنی ۆڵستریت (Wall Street)، هەموو جیهانی لە ڕۆژێکدا ڕاوەشاند، ئەو ڕۆژەی دواتر ناونرا پێنج شەممەی ڕەش، بە دابەزینی نرخی ۱۳ ملیۆن پشکی کۆمپانیاکان دەستیپێکرد. وە ئیتر لەوێوە، کۆمپانیا گەورەکان چیتر توانایان نامێنێ قەرزی بانکەکان بدەنەوە، دەیان کارگەی گەورەو بانکی گەورە ئیفلاس ڕادەگەیەنن، بەرهەمهێنانی ئۆتۆمۆبێل بەتایبەتی، بە ڕێژەی ۱۲٪ دادەبەزێت، جووڵەی عەقارات لە ئەمریکادا دەوەستێت، ژمارەی بێکارە تیایا، بەخێرایی دەگاتە ۱۷ ملیۆن کەس. وە هەروەک ئەم ڕۆژگارە، نرخی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دادەبەزێت. بۆ بەرزکردنەوەی نرخی ئەو بەرهەمانەیش، سەرمایەداران ناچار دەبن بە ئامانجی بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاکانیان، خستنەڕوویان کەم بکەنەوە لە بازاڕدا، ئەمەیش بەڕێگای لەناوبردنی زێدەی بەرهەمهێنراوەکانیان لە بری فرۆشتنیان، بۆیە ناچار دەبن بەشێکی ئەو کاڵایانە فڕێ بدەنە دەریاوەو بەشێکیشی، تەنانەت بە ئاژەڵەکانیشەوە، بسووتێنن. وە هەر ئەوەندەی ئەمریکایش ناچار دەبێت بە کێشانەوەی هەموو شتێکی خۆی لە بانکە

ئەورووپییەکاندا، ئیتر ئەورووپایش لەو قەیرانەوە دەئاڵێت و وولاتانی کەرەسەی خاویش دەبنە بەشێکی قەیرانەکە، بە ئاستێک کە لە ١٩٣٠ دا، بەرهەمە پیشەسازیەکانی ئەڵمانیاو ئیتالیا ٣٠٪ دادەبەزن، ئەمەیش بەدەرکردنی کرێکاران و زیادبوونی بێکارە بۆ ٩ ملیۆن کەس کۆتایی دێت. داخستنی کارگەکانی بریتانیای مەزنیش دەبێتە هۆی زیادبوونی سوپای بێکارە تا ئاستی ٣ ملیۆن کەس. وە هەر لە نێوان ساڵەکانی ١٩٣٠-١٩٣٣ دا، ١٠ ملیۆن کەس لە ئۆکرانیاو کازاخستان و چەند وولاتێکی تری سەر بە سۆڤیەتدا، دەمرن لە برسا. درێژ بوونەوەی ئەو بارە ئابووریە ناهەموارەیش، جەنگی جیهانی دووهەم بەدوای خۆیدا بەکێش دەکات کە لە ١٩٣٩ هەتا ١٩٤٥ دەخایەنێت و ٦٠ ملیۆن کەسی تیا دەبێتە قوربانی و ئەمەیش لە دواجاردا، بە دابەشکردنەوەیەکی نوێی بازاڕ کۆتایی دێت لە نێوان هێزە ئابووریە مەزنەکانی جیهاندا، واتە ئەورووپاو ئەمریکاو ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی.
لەم چەرخەیشدا کە قەیرانەکان، بەردەوام بە جیهاندا دەسووڕێنەوە، هەمان دیاردەی زێدەی بەرهەمهێنان بەدی دەکەینەوە. وە جگە لە فەوتاندنی هەزاران تەن خۆراک لە ئەمریکادا، هەر لە ساڵی ١٩٨٦ یشەوە، بە بڕیاری حکومەتی کەنەدا، ١٠٠,٠٠٠ تەن پەتاتە فڕێ دەدرێت. هەر لە هەمان ساڵدا، ئەورووپایش، شاخێک لە خواردەمەنی فڕێدەداتە دەریاوە یان دەیانسووتێنێت، وەک: شیری ووشک، کەرە، گۆشت، گەنم. بەم بڕیارە، نەک هەر پارسەنگی خستنەڕوو داخوازی ڕادەگیرێت، بەڵکو لە هەمانکاتدا، بە چۆڵکردنی مەخزەنەکان، خەرجیەکی زۆریش دەگێڕنەوە. بۆ نموونە: ئەمریکا، لە پرۆسەی لەناوبردنی خۆراکدا، ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ گەڕاوەتەوە.
ئەمە بۆمان ڕوون دەکاتەوە؛ هەژاری و بێکاری و برسێتی ئەم چەرخەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لە کەمی شتومەکی پێویستەوە نیە بۆ ژیان، بەڵکو لە زۆری شتومەکەوەیە، ئیتر ئەمە هەر لە خۆراکەوە هەتا جلوبەرگ، خانووبەرە، تەکنۆلۆژیا، ئامرازەکانی هاتووچۆ، پێداویستیەکانی چارەسەری نەخۆشی .. هتد.

ئەمەیە زێدەی بەرهەمهێنان و دەرهاویشتەکانی، ئەو زێدەیەی دەبێتە مایەی بڵاوبوونەوەی دەردێک؛ قورستر لە داکەوتنی دەردی ئاوڵەی جاران و کۆلێرا.
بۆیە دەبێت بپرسین: هۆکاری ئەم زێدەیە چیە لە بەرهەمهێناندا؟

## هۆکاری زێدەی بەرهەمهێنان

زێدەی بەرهەمهێنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەرهەمهێنانی شتومەک لە تەواوی جیهاندا، کوێرانە ڕوو ئەدات. واتە هیچ بەرهەمهێنێک حیساب بۆ پێداویستی

کۆمەڵگاو ئەندامەکانی ناکات، کەسیشیان ئاگایان لە ڕێژەی بەرهەمهێنراوەکانی ڕکابەرەکانی تر نیە لە بازاڕدا بەبەراوورد لەگەڵ دانیشتوان و پێداویستیەکانیاندا، هەربۆیە دابەشکردن و ئیستیهلاکیش، ملکەچی هۆشیاریەکی دەستەجەمعی نیە لە کۆمەڵگادا. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەرکەسە بەجیا، تەنها حیسابی قازانجی خۆی دەکات و بەس. بە زوبانی میللی، هەریەکە بۆ خۆی، بەدوای قازانجی خۆیدا ڕادەکات. بەڵام قازانج لە هەموو سەردەمێکدا، وەک یەک بەسەر سەرمایەداراندا دابەش نابێتەوە، بۆیە هەر لە ناکاوێکدا، دەورەیەک دەگەڕێتەوە لە دابەزینی هاوکێشەی گشتی قازانج (معدل العام للربح) کە دەرئەنجامی مانەوەی شتومەکە بازرگانیەکانە لە مەخزەنەکاندا، واتە دەرئەنجامی زێدەی بەرهەمهێنانە. ئیتر هەریەکە لە خاوەن پیشەسازیە گەورەکان و هەر وولاتێکیش بە جیا، لە پێناوی لەدەستنەدانی بەرژەوەندیەکانیاندا لە بازاڕی جیهانیدا، یان گوایە بۆ خۆبەدوورگرتن لە داچوونی ئابووری، دەکەونە چاککردنی مەرجەکانی بەرهەمهێنانیان، ناردنە ژوورەوەی ئامرازی نوێ و گرانبەها بۆ نێو کارگەکان، پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی ڕێوشوێنی ئیداریی نوێ و تەکنۆلۆژیای تازە لە کاردا بۆ بەهێزکردنی جێگاو ڕێگایان لە ڕکابەری جیهانیدا. ئەو ڕکابەریە توندوتیژە وەک هەوڵێک بۆ بەرزکردنەوەی قازانج، نهێنی ئەو حاڵەتەیە کە ناوبەناو، وەک نۆبەیەکی دەوری، لە ئابووری جیهانی دەداتەوەو گرانی و برسێتی دەهێنێتەوە پێشەوە. هەموو سەرمایەدارێکی بەرهەمهێنی گەورە یان هەر وولاتێک بەجیا، ناچارە بە بەرزکردنەوەی تێچوونی بەرهەمەکانی لە پێناوی مانەوەدا لە بازاڕدا کە ئەمە بە یاسای ناکۆکی مانەوە (قانون صراع البقاء) ناودەبرێت. ئا ئەمە نرخی پێداویستیەکانی ژیان، لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەهای تێچوونی تەکنولۆژیای نوێدا لە کاردا -بەتایبەت تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندی کە لە سەرەتادا نرخیان ئێجگار بەرز بوو- دەباتە سەرەوەو هێزی کڕین دادەبەزێنێتەوەو بێکاری زیاد دەکات. ئەمەیش لە جیهانی سەرمایەدا، دەرئەنجامی بەرزبوونەوەیەکی سروشتیی ڕێژەی بەهای سەرمایەی نەگۆڕە (وەک: کەرەسەکانی بەرهەمهێنان، بینا، کەرەسەی خاو .. هتد) بە بەراوورد لەگەڵ بەهای سەرمایەی گۆڕدراودا (واتە: کڕینی هێزی کار). بێگومان بەرزبوونەوەی کرێی کاریش، کاریگەریی زۆرە لەسەر نزمبوونەوەی قازانج و قووڵکردنەوەی قەیرانەکان. وە ئیتر لێرەوە، هەر سەرمایەدارێک بەجیا بۆ خۆی و هەمووشیان پێکەوە، ناچارن لە دەرەوەی بازنەی بەرهەمهێنان و ناکۆکیە ناوخۆییەکانی بەرهەمهێناندا، بۆ چارەسەرێک بگەڕێن، ئیتر ئەو چارەسەرە سیاسەتی دەستگرتنەوەو سکهەڵگوشین بێت یان کەمکردنەوەی مووچە، بەرزکرنەوەی نرخی کاڵا ئیستیهلاکیەکان بێت یان ڕاگرتنی بەشێک لە سەرمایەو پرۆژەکان، بێکار کردن بێت یان برسی کردن، داگیر کردن بێت یان جەنگی گەورەو کاولکار. ئەمانەیش تێکڕا، لە پێناوی گێڕانەوەی پارسەنگی ئابووریدا کە واتای سەرلەنوێ گەشانەوەو بەرزکردنەوەی

قازانج و گێڕانەوەی جووڵەی ئاسایی سەرمایەو سەرمایەگوزاریە لە جیهانی پان و بەرینی سەرمایەداریدا.
دەبا ئێستایش لە نزیکەوە، بکەوینە پشکنینی هۆکارەکانی قەیرانی ئابووری ئەم چەرخە کە لە ٢٠١٢ دا، گەیشتە سەردەمی دیپرێشنە مەزنەکان (الکساد العظیم - Great Depression) کە واتای: سەردەمی دابەزینی ئاستی کڕین و مانەوەی کاڵاو نەبوونی ئامادەگی بۆ سەرمایەگوزاری نوێ و نزمبوونەوەی چالاکی بازرگانی و هەڵاوسان و گرانی و بێکاری دەگەیەنێت.

# هۆکارەکانی قەیرانی ئابووری ئەم چەرخە

هەتا ساڵی ٢٠٠٨ یش؛ قەیرانە ئابوورییەکان، نەبووبوونە دیاردەیەکی هەستپێکراو لە جیهاندا. بەڵام لەو کاتە بەدواوە، هەستی ئەو قەیرانانە، زیاترو زیاتر دەبێت لە هەموو سووچێکی گۆی زەویدا. سەرەتای ئەو قەیرانە بەرفراوانەی کە ئەمڕۆ، هەموو جیهانی ڕووبەڕووی مەترسیەکی گەورە کردۆتەوە، بەمجۆرە دەستپێدەکات:

١) گەورەترین قەیران لە ٢٠٠٨ دا، قەیرانی پیشەسازی ئۆتۆمۆبێل بوو کە زۆر خێراتر لە قەیرانی ١٩٢٩؛ لە ئەمریکا دەدات و وەک پەتا بەجیهاندا بڵاودەبێتەوە. فرۆشتنی فۆرد ٣٤٪ دادەبەزێت، بە دوای ئەویشدا، پیشەسازی ئۆتۆمۆبێلی ئاسیاوی ٣١٪ دادەبەزێت، هۆندای یابانی ٢٤٪ و تیۆتا ٣٢٪ و نیسان ٣٧٪. ئەمانەیش هاوشان بوون بە مانگرتنی ٧٣ هەزار کرێکار لە کارگەی ئۆتۆمۆبێلی جەنەراڵ مۆتۆرزی ئەمریکی، ئەمەیش وەک دەرئەنجامی وەستاندنی ٥ کارگەی گەورەی ئەو کۆمپانیایە. وە هەرسێ کۆمپانیای فۆردو جەنەراڵ موتۆرزو کرایزلەری ئەمریکی، پەنایان بۆ کۆنگرێسی ئەمریکی بردو داوای ٢٥٠ ملیار دۆلار یارمەتییان لە دەوڵەت کرد. وە هەر ئەوکاتە، ئالان مولالی، سەرۆکی فۆرد، ووتی: (ئەم پیشەسازیانە ١٠٪ ی داهاتی نەتەوەیی ئەمریکی پێکدەهێنن، بۆیە هەرکامیان تووشی گرفت و هەرەس بێن، ئەو هەرەسە لە هەموو پیشەسازی ووڵاتدا ڕەنگ ئەداتەوە، سەرچاوە: BBCArabic.com).

٢) ئەم قەیرانە پیشەسازیە، هەر لە یەکەم هەنگاوداو لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا، هەر لە دەریای بەڵتیکدا، بەڕێژەی ٥٠٪ بازرگانی دادەبەزێنێت. تێکچوونی پارسەنگی بازرگانیش، بەدوای خۆیدا، بانکەکان لەو دەردە ئابوورییەوە دەئاڵێنێت.

٣) بەرزبوونەوەی نرخی کەرەسەی خاو، بەتایبەتی نەوت، کاریگەریەکی گەورە لەسەر خەرجیە پیشەسازیەکان جێدەهێڵێت و ئەمەیش نرخی تێچوونی بەرهەمهێنانی کاڵا دەباتە سەرەوەو نرخی بازاڕیان گران دەکات و ساغکردنەوەیان دەبێتە گرفتی بەردەم پیشەسازی و بازرگانی. بۆیە ئەم حاڵەتە ئیفلاس بە دوای خۆیدا دەهێنێت و دەرگای سەدان کارگە دادەخات.

ئەمە جگە لە قەیرانی کارگەکانی چنین، کارگەی کیمیاوی، کۆمپانیاکانی هاتووچۆی ئاسمانی و توریزمیش لە گەڵیاندا کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆریان لە کارگەکانەوە فڕیدایە سەر شەقامەکان، قەیرانی عەقارات کە هەر ٣ هەتا ٥ ساڵ جارێک دەورەی خۆی تەواو دەکات و دەکەوێتەوە قەیران و داخستنی کۆمپانیاکانی.

ئەم قەیرانەی ئەمریکا لە قووڵبوونەوەیدا، سستبوون و داچوونی ئابووریی بە هەموو جیهان گەیاندو پارسەنگی بازرگانی جیهانی خوار کردەوە. وە دەتوانین کورتەی ئەو پرۆسێسە مێژووییەیش، لە دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری جیهانیدا ببینینەوە کە لە کورتهێنانی بازرگانی، کورتهێنانی بودجە، قەرز، ڕۆڵی نەوت، پاشان بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و گرانی و جەنگەکاندا، خۆی دەنوێنێت. ئەمەی دواییشیان، بەتایبەت جەنگ و ناکۆکیەکانی خۆرهەڵات و ئۆکرانیایش کە گەورەترین مەترسی بەردەم مرۆڤایەتین، بەتایبەت مەترسی دەربەدەربوونی ملیۆنان کەس و داکەوتنی برسێتیە گەورەکان، دیارترینی ئەو هەوڵە جیهانیانەن کە لە گڕی شەڕەکانی ئەم چەرخەدا خۆیان دەخەنەڕوو، بەتایبەت شەڕەکانی نێو سوریاو عێراق بە بەشداری دوو هێزی گەورەی جیهانی وەک ئەمریکاو ڕوسیاو هاوپەیمانەکانیان کە تەنها ئامانج لێیان، دەستگرتنە بەسەر سەرچاوەکانی نەوت و دابەشکردنەوەی خۆرهەڵات و وەگەڕخستنەوەی سەرمایەی جیهانیە؛ لە ڕێی دابینکردنی بازاڕەوە بۆ ساغکردنەوەی کاڵا بازرگانیەکانی وڵاتانی پیشەسازی بەتایبەتی، ئیتر ئەو کاڵایانە گەنم بن یان تەکنۆلۆژیا وە یان چەک و تەقەمەنی.

## دەرهاویشتەکانی قەیرانی ئابووری جیهانی

### ١) کورتهێنانی بازرگانی

وەک هەر سەردەمێکی تر، دیاردەی یەکەم و ئاشکرای قەیرانی ئابووری ئەم چەرخەیش، تێکچوونی پارسەنگی بازرگانیە کە هەموو ژیانی ئابووری

بەخۆیەوە، تێکداوە. ئەمەیش بەر لە هەرچی بە کورتهێنانی بازرگانیەوە (العجز التجاري-Trade Deficit) دەردەکەوێت کە بۆتە دیاردەیەکی ئێجگار بەرفراوان لە جیهاندا، بەتایبەت لەووڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکاندا. بە ئاستێک کە دەوڵەت لەو ووڵاتانەدا، بۆتە ئیدارەی قەیران و جەنگ. ئەم ناهاوسەنگیە لە بازرگانیدا کە واتای بەرزبوونەوەی نرخی هاوردەکردنە بەبەراوورد بە هەناردەکردن، لە نزمبوونەوەی داخوازیەوە دەستییپێکرد لەسەر تەکنۆلۆژیای ئەمریکی بە بەراوورد لەگەڵ تەکنۆلۆژیای چیندا. زۆری نەخایاند، بەدوای ئەویشدا، ئەوروپایش کەوتە ئیدارەی کورتهێنان. ئەمە لە بەرامبەر هەردوو چین و یاباندا کە هەتا دەیەی ڕابووردوویش، ئیدارەی زێدەی پارسەنگی بازرگانییان دەکرد بە بەراوورد لەگەڵ ئەمریکادا. ئەم سەردەمە چینی و یابانیە، هاوشانە بە تۆمار کردنی ١٠ ملیار دۆلار قازانجی ئۆتۆمۆبێلی تیۆتا لە یاباندا، بەرامبەر بە ٢٣ ملیار دۆلار زیان لە پیشەسازی ئۆتۆمۆبێلدا لە ئەمریکادا. وە ئیتر لێرەوە، دیاردەی تێکچوونی بازرگانی و داچوونی ئابووری ئەم چەرخە، بووە دیاردەیەکی جیهانی. وە ئەگەر سەرەتای ئەو قەیرانە بە کورتهێنانی ئەمریکی دەستپێبکات لەگەڵ چیندا، ئەوا قووڵبوونەوەی قەیرانەکە، کورتهێنانی ئەوروپایە لەگەڵ چین. دروستیی ئەو بۆچوونە، لەو دیاگرامەی خوارەوەدا دەبینن کە کورتهێنانی بازرگانی ئەمریکی - چینی نیشان دەدات کە زیاتر لە ٢٠٤ ملیار دۆلار بووەو کورتهێنانی ئەوروپی - چینیش کە ١٦٨،٦ ملیار دۆلار بووە لە ساڵی ٢٠١٠ دا.



ئەمە بەشێکی ئەو کورتهێنانە نیشان دەدات کە بە جیهانەوە دیارە. بەشێکی تریشی لە کورتهێنانی یاباندا دەبینین کە بۆ یەکەمجار، لە ساڵی ٢٠١١ دا، یەکەمین کورتهێنانی بازرگانی لە هەردوو بواری ئەلەکترۆنی و ئۆتۆمۆبێلدا، تۆمار دەکات کە دەگاتە زیاتر لە ٥٤ ملیار دۆلار، ئەمەیش بە دابەزینی هەناردەکردنی ئۆتۆمۆبێل بە ڕێژەی ٥،٤٪ وە ئەلەکترۆنیات بە ڕێژەی ١٤,٧٪. چین لە هەمان ساڵدا، کورتهێنانێکی تۆمار کرد کە بریتی بوو لە ٣١,٥ ملیار دۆلار. وە دوای ئەو کورتهێنانە وەختیە، سەرلەنوێ و هەر لە ٢٠١٢ دا، چین کەوتەوە ئیدارەکردنی زێدەی بازرگانی لەگەڵ هەردوو ئەمریکاو ئەوروپای یەکگرتوودا، سەرچاوە: The Wall Street Journal. بەڵام چین هەر لەوکاتەدا، لەگەڵ زۆربەی وولاتانی تردا، بە ئیدارەی کورتهێنانەوە خەریک بوو. ئەمەیش ئەو دەرئەنجامەمان ئەداتە دەست کە هەتا سەرەتای ئەم دەیەیەیش، چین پارسەنگی ئابووری جیهانی ڕاگرتبوو. بۆیە وا دەبینرا، لە هەر کورتهێنانێکی چاوەڕوانکراوی چیندا، جیهان ڕاوەشاندنێکی توند بەخۆیەوە ببینێت.
سەبارەت بە ئەوروپایش، قەیرانی گشتی و کورتهێنانی بازرگانی، لە ساڵی ٢٠٠٩ بەدواوە، زۆربەی وولاتانی ئەوروپای یەکگرتوو، لە سەرووویانەوە بریتانیا، بەدوای قەیرانی یۆنانیدا ڕادەکێشێت. وە ئیتر لێرەوە، دۆستایەتیەکەی ئەمریکاو ئەوروپایش دەکەوێتە ژێر پرسیار لە مەسەلەی چۆنیەتی دابەشکردنەوەی دەستکەوتەکان و دابەشکردنی بازاڕی جیهاندا. وە هەر لێرەیشەوە، ناکۆکی ڕکابەری جێگای برایەتی دەگرێتەوە. ئەمە ئەگەرچی لەسەردەمی قەیرانەکاندا، بەتایبەت بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی کەرەسەی خاوەوە، سەرمایەداران یەکدەگرن. بەڵام ئەو یەکگرتنەیش، لەبەردەم یاسای ڕکابەریدا خۆی ناگرێت و زۆر ناخایەنێت هەوڵدەوەشێتەوە.

## ٢) قەرزی دەوڵەتان

کاتێک دەڕوانینە چرکەژمێری قەرزی وولاتانی جیهان، ئەوکاتە دەبینین هەموو وولاتانی دونیا قەرزاری یەکترن، بەتایبەت وولاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکان، بە ئاستێک کە نازانرێت کێ قەرزاری کێیە. سەرەتای قەرزاربوونی وولاتە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهانیش لەم چەرخەدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوو. بۆیە قەرزاریی دەوڵەتان لە ئێستادا، یەکێکە لە

گرفته گەورەکانی ئەم چەرخە، بەتایبەت ئەمە بۆتە گرفتی بەردەم وولاتە پیشەسازیە کۆنە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان، بە ئاستێک کە دانەوەی ئەو قەرزانە، بۆتە قورساییەکی ئیجگار گەورە لەسەر شانی زۆرینەی ئەو کۆمەڵگایانە، بە تایبەت بەو هۆیەوە کە سوودێکی زۆریشیان دەخرێتەسەر. هەر ئەمەیە بۆتە هۆی سیاسەتی دەستگرتنەوەو لەوەیشەوە ناکۆکیە ناوخۆییەکانی نێو هەر وولاتێک بەجیاو ناکۆکیە جیهانیەکانیش بە دوایاندا، کە ئەمانە تێکڕا، هەوڵێکن بۆ پارسەنگ گرتنەوەی ئابووری جیهانی کە تا ئێستا بە سەدان کارگەو بانکی گەورەی خستۆتە ئیفلاسەوە.

گلۆباڵ ڕسێرچ (Global Research) دەنووسێت: "قەرزەکانی ئەمریکا بە بەراوورد لەگەڵ (٢٠٠٧) دا، بۆتە دوو ئەوەندە". ئەمە هەموو خێزانێکی بە ملیۆنان دۆلار قەرزار کردووە. بەپێی (The Economist) یش، قەرزی ئەمریکا ئەوەندە بەرزە کە فائیدەی ساڵانەی ١ ترلیۆن دۆلارە. کورتهێنانی بودجەیش بۆتە دیاردەیەکی کۆن بە ڕووخساری ئەمریکاوە. لەم چەرخەدا، مێژووی ئەو کورتهێنانە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کەنەدی، واتە بۆ ساڵی ١٩٦٣. کورتهێنانی سەردەمی ئۆباما هەر لە ٢٠١١ وە، وا نیشان دەدات کە لە هەموو سەردەمەکانی پێش خۆی قووڵترە؛ وەک لەو دیاگرامەی خوارەوەدا دەبینرێت کە لە کۆشکی سپیەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەو کورتهێنانەیش ساڵانە، زیاتر لە ٦٠٠ ملیار دۆلاری دەچێتە سەر. ئەمەیش ناچاری کردووە بە قەرزی ئێجگار زۆر بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانەکانی.



ئەم حاڵەتە بەسەر ئەوروپایشدا تێنەپەڕیوە. لە ئێستایشدا، خراپترینی ناوچەی یۆرۆ، ووڵاتی یۆنانە کە قەرزەکانی لە ساڵی ٢٠١٣ دا، گەیشتۆتە ١٦٥٪ و لە ساڵی ٢٠١٤ دا گەیشتۆتە ١٧٥٪ لە ڕێژەی داهاتە نەتەوەییەکەی. بە دوای داچوونی ٢٠١٢ یشدا، قەرزی ئیسپانیا لە ڕێژەی داهاتی نەتەوەیی، لە ٦٩٪ وە بەرزبۆتەوە بۆ ٨٩٪، وە ئێستا قەرزی ئەو ووڵاتە ١ ترلیۆن دۆلارە. قەرزی ئیتالیا لە ١١٦٪ وە بەرزبۆتەوە بۆ ١٣٢٪، لە ئێستایشدا دوو ترلیۆن و نیو یۆرۆی تێپەڕ کردووە. فەرەنسایش لە ٨٥٪ وە بەرزبۆتەوە بۆ ٩٥٪. ئەمەیش بریتانیاو بەلجیکاو ئیرلەندەو پرتوگالیشی لێ دەرنەچووە. لەم ڕۆژگارەیشدا، **مەترسی قەرزەکانی یۆنان، ئەوروپای یەکگرتوو بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبات. مەترسی قەرزەکانی ئەمریکایش، لێکترازانی ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەخاتە ژێر پرسیار**. لە هەمووشیان مەترسیدارتر، بەرزبوونەوەی قەرزەکانی چینە، وە لەگەڵ چوونە سەرەوەی قازانج و داهاتیشیاندا، قەرزەکانی چین خێراتر سەردەکەون. هەردوو قەرزی کۆمپانیاکان و خێزانەکانی چین پێکەوە، دەگاتە ٢٠٧٪، ئەمەیش واتای بەرزبوونەوەیەتی بە ڕیژەی ١٢٥٪ بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٨. ڕێژەی ئەو قەرزانە بە قەرزەکانی دەوڵەتیشەوە، دەگاتە ٣٠٠٪ لە ڕێژەی داهاتی نەتەوەیی چین. وە ئەمەیشە هۆکاری سەرەکی پێکهێنانی بازاڕی هاوبەشی چین لەگەڵ ڕوسیاو هاوپەیمانێتیشی لە جەنگدا. بەپێی ( The Economist)، قەرزی چین تا ئەم ساتە وەختە، لە ٢ ترلیۆن دۆلار نزیک بۆتەوە. قەرزەکانی یابانیش ٢٣٠٪ ی تۆمار کردووە لە ڕێژەی داهاتی نەتەوەیی یابان (Global Research). بەڵام تا ئێستایش، پارسەنگی ئابووری ڕووسی بە بەرزی ماوەتەوە. بۆیە جەنگ و ناکۆکیەکانی ئایندەی جیهانیش، بەندن بە خێرایی داچوونی ئابووری ڕووسیەوە کە وەک پێویست ڕوو دەدات، ئیتر با دوایش بکەوێت.

## ٣) کورتهێنانی بودجە

سەرباری کورتهێنانەکانی ئەمریکا لەم سەردەمەدا بەتایبەتی، باراک ئۆباما ڕەخنەی ناوچەی یۆرۆ لەسەر کورتهێنانەکانی دەگرێت. لە ٢٠١٢/٦/٢٦ یشدا، سەرەکوەزیرانی ئەڵمانیا وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: با هێر ئۆباما، بە خەمی کورتهێنانی ووڵاتەکەی خۆیەوە بێت بەر لەوەی وانە بۆ ئەوروپا بڵێتەوە! وە لە

ڕاستیدا، لە گۆشەی تێڕوانینی بودجەوە، سەردەمی ئۆباما لە هەموو سەردەمەکانی پێش خۆی خراپترە لە خەرجیەکانی دەوڵەت بە بەراوورد لەگەڵ کۆی داهاتەکانی لە کاڵاو خزمەتگوزاری و باج و بازرگانی و .. هتددا. لە هەموویشی ناهەموارتر ئەوەیە کە ئەمریکا هەر پەنای بۆ قەرز نەبردووەو بەس، بەڵکو تەنانەت دەستیشی خستۆتە ڕێسێرڤەکانیەوە، کە ئەمە واتای شەلەلی پیشەسازیەکانی دەگەیەنێت، ئەمەیش بەو هۆیەوە کە ئەمریکا، زێدەیەکی ئێجگار زۆری هەیە لە شێوەی کاڵاو سەرمایەی وەستاودا (جامد) کە بەهۆی سستبوون و وەستانی بەرهەمهێنانەوە بەکارناهێنرێن. ئەمە هەمیشە بە دابەزینی نرخی دراوو هەڵاوسان و گرانی و سیاسەتی سکهەڵگوشین کۆتایی دێت.
هەرچی ئەوروپایشە، هەر لە ساڵی ۲۰۰۹ وە، بەتایبەت دوای قووڵتر بوونەوەی قەیرانی یۆنانی، کورتهێنانی بودجە، باڵی بەسەر ناوچەی یۆرۆیشدا کێشاوە، ئیتر ئەمە بە دەوڵەتیکی زەبەلاحی وەک بریتانیایشەوە. ئەو دیاگرامەی خوارەوە، قووڵبوونەوەی گرفتی بودجەی وولاتە هەرە پێشکەوتووەکان نیشان دەدات لە ۲۰۱۲ دا لە ڕێژەی داهاتی نەتەوەیی ئەو وولاتانە. ئەوکاتە تەنها سویسراو نەرویج، لە ئابووریە هەرە سەقامگیرەکانی جیهان بوون لەنێو ئەو وولاتە زەبەللاحانەدا کە کورتهێنانی بازرگانی و قەرزو کورتهێنانی بودجە، هەروەک مۆرانە تێی داون، ئەگەرچی ئێستا ئەوانیش لە بازنەی قەیرانەکان نزیک بوونەتەوە. لە ساڵی ۲۰۱۲ دا، ئەمریکاو بریتانیاو یابان و ئیرلەندەو یۆنان، بەرزترین ڕێژەی کورتهێنانی بودجەیان تۆمار کردووە:



## ٤) کەرەسەی خاو - نەوت

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت وەک کەرەسەی خاوی پیشەسازی ئەمریکی و ئەوروپی و یابانی و چینی، لەو ساڵانەدا کە لە سەرەوە یادخراونەتەوە، ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی هەبوو لە دروستکردنی سێکوچکەی کورتهێنانی بازرگانی و قەرزو کورتهێنانی بودجەدا. ئەمەیش بەو هۆیەوە کە وەک بریکاری ووزەی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند، ساڵانە داخوازی لەسەر نەوت، بە ڕێژەی ١،٦٦٪ زیادی دەکرد، بۆیە نرخیشی، ساڵانە بە ڕێژەی ٣٪ دەچووە سەرەوە. واتە ساڵانە، نەوتی خاوی سروشتی ٨$ بەرز دەبووەوە. لە ساڵی ٢٠٠٦ هەتا ساڵی ٢٠١١، نرخی نەوت بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو. لە ٢٠١١/٤/٢٣ دا، نرخی نەوت گەیشتە ١٢٠$ بۆ هەر بەرمیلێک. ڕێژەی داخوازییش لەسەر نەوت و بەرزبوونەوەی نرخی لەو دەرئەنجامەوە، بەتایبەت بەهۆی گەشەی پیشەسازی چینیەوە بوو کە بەردەوام داخوازی لەسەر نەوت، زیادی دەکرد، بە ئاستێک کە لە ساڵی ١٩٩٠ تا سەرەتای ئەم سەدەیە، ٣٪ داخوازیی چین لەسەر نەوت، چۆتە سەرەوە. ئەم حاڵەتەیش هاوسان بوو بە هەوڵی دەوڵەتی ئەمریکی بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی هەناردەکردن لەڕێی داگرتنی نرخی دۆلارەوە. ئەمەیش بە دەوری خۆی کاری لە شەپۆلەکانی بازاڕی ئاڵتوون دەکرد لە بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەداو ئەو کاڵا گرانبەهایەیشی ڕادەکێشایە نێو بازنەی قەیرانەکانەوە.

## ٥) هەژاری و بێکاری

یەکێک لە گرفتە کۆمەڵایەتیە گەورەکانی ئەم چەرخە، زیادبوونی بێوەستانی ڕێژەی هەژاری و بێکاریە لە جیهاندا.

لە ساڵی ١٩٩٤ دا، یەکێتی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە کۆبوونەوەیەکیدا لە دانیمارک، ڕایدەگەیەنێت: هەژاری بەرەو زیاد بوون دەچێت لە جیهاندا، بەڵام ئەمە جێی دڵەڕاوکێ نیە، بەڵکو دەتوانین بە کۆکردنەوەی ٥ دۆلار لە هەر کەسێک، ئەو هەژاریە بە خێرایی لەنێو ببەین. ١٥ ساڵ دوای ئەو کۆبوونەوەیە، واتە لە ٢٠٠٩ دا، هەر تەنها بەهۆی بەرزبوونەوەی بەردەوامی نرخی خۆراکەوە، مێژوو ١٠٠ ملیۆن کەسی تریشی خستە هێڵی هەژاریەوە لە جیهاندا. لە ساڵی ٢٠١٠ دا، ژمارەی هەژاری لە جیهاندا، گەیشتە ١،٤ ملیار کەس (١٢٪

ی دانیشتوانی سەر زەوی). ئەمە جگە لەوەی هەر بەو هۆکارە، ١ ملیار کەسیش کەوتە نێو هێڵی برسێتیەوە. سەرباری ئەمە، زیاتر لە ١ ملیار کەس لە جیهاندا، بێبەشن لە ئاوی پاکی خواردنەوە، پێداویستی نەخۆشی، خوێندنگاو خزمەتگوزاریە ئاساییەکانی تر.

هەرچی ڕێژەی بێکاریشە لە ساڵی ٢٠١٢ دا، گەیشتە ٩،١٪ لە دەستی هێزیکاری جیهانی کە ئەوکاتە بە ٣,٢٦٢ ملیار کەس دادەنرا لە جیهاندا. ئەو ڕێژەیە بەردەوام لە هەڵکشاندایە لە وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکاندا: ئەمریکا، چین، ئەوروپا، یابان. ئەو دیاگرامەی خوارەوە، ڕێژەی بێکاری نیشان ئەدات لەو وڵاتانەدا کە بەرزترینیان ئیسپانیایە لە جیهانداو تا ئێستا ٢٣٪ ی تۆمار کردووە.




## پوختە

بەبێ پەنا بردن بۆ **مەنهەجێکی تاقیگەیی**، هەرگیز توانا نیە، ڕایەڵەی نێوان ئەو ئۆبجێکتانە بدۆزینەوە، کە دیاردەیەکیان بەنێوی "قەیرانی ئابووری جیهانی" پێناساندووین. بۆیە ناچار بووین، بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی گەشەی ناکۆکیەکانی

نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە "بەرهەمهێنان" دا لە لایەک و "بەرهەمهێنان و ئیستیهلاکی تاک" دا لە لایەکی ترەوە، وە بۆ نزیک بوونەوە لە ڤایرۆسە ناوخۆیەکانی ئەو دەردە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی، زۆر خێراتر لە دەیەی ڕابووردوو، بە جیهانی ئەمڕۆدا بڵاو دەبنەوە، بە **مێتودێکی تاقیگەیی**، بە یارمەتی ژمارەیەک داتاو ستاتیستیکی ڕەسمی دەوڵەتان خۆیان، ئەو بابەتانە تەتەڵەوبێژ بکەین، کە تەنها تاقیگەییانە، بواری تێگەیشتنمان دەبێت لێیان. ئەمەیش بە گەڕانەوە بۆ ئەو ئۆبجێکتانەی دەریدەخەن کە بە دوای "دیپرێشنە مەزنەکان" ی نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٨-٢٠١٢ دا، بازاڕی جیهانی چڕتر بووەوەو نۆبە دەوریەکانی سەرمایەیش تیایا، زۆر خێراتر دەگەڕانەوە. بە ئاستێک کە زۆری نەخایاند، کڵپەی جەنگێکی گەورەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەڵگیرسان. ئەمەیش وەک دەرئەنجامی بەهێزتر بوونی هێزی قەیرانە جیهانیەکان و ناکۆکی ڕکابەرە گەورەکانی لەسەر بازاڕو سەرچاوەکانی کەرەسەی خاو، بەتایبەت نەوت و غاز. وە تا دێت جەنگەکان و ناکۆکیەکان لە جیهاندا توندتر دەکات و شەڕی سەرشەقامەکانیش فراوانتر دەکات. بەتایبەت کەوتنە ناوەوەی چین بۆ نێو بازنەی کورتهێنانەکان، سەرەتای خێراتر کردنی قەیرانەکانە لە هەموو ئاستێکی پیشەسازی و کشتوکاڵی وبازرگانی و داراییدا. وە ئیتر لێرە بەدواوە، هەموو گەورەبوونێکی ئایندەی بازنەی قەیرانەکان و جەنگەکان، لەسەر داچوونە داهاتووەکانی ڕوسیا وەستاوە بەتایبەتی کە تا ئێستایش، یەکێکە لە هێزە عەسکەریە گەورەکانی جیهان. بە گەیشتنی جیهان بەو ئایندە ئێجگار مەترسیدارە، باری سیاسی و کۆمەڵایەتی جیهان، گۆڕانێکی گەورەتر بەخۆیەوە دەبینێت. ئەو گۆڕانەی هەر لە ئێستاوە، لە هاوپەیمانێتیە عەسکەریەکاندا خۆیان دەردەبڕن، ئەو هاوپەیمانێتیەی هەر لە ئێستاوە، بەشێکی گەورەی لە دەوڵەت و هێزە ئیسلامیەکانی ئەم ناوچەیە، خستۆتە بەرەی هاوپەیمانێتی ڕوسیاوە. ئا ئەمە بۆ خۆی، ئەو بەرچاو ڕوونیەیشمان دەداتێ کە ئەو بارە سیاسیەی بەسەر خۆرهەڵاتدا تێپەڕی و هەر لەو ساڵە ناوبراوانەدا، ٢٠٠٨-٢٠١٢، شەڕو ناکۆکیەکی گەورەی هێنایە ناو، ئەو ناکۆکیە کۆمەڵایەتیانەی وەک دەرئەنجامی ئەم قەیرانە ئابووریە جیهانیە سەریهەڵداو لە نێو کارگەکانەوە، بە دروشمی تایبەتی خۆیەوە کە پەیوەندی بە ژیانی هەژاری و بێکاری ملیۆنان کەسەوە بوو لە خۆرهەڵاتدا، هاتە پێشەوەی شانۆ. ئەو بزووتنەوانە، دەربڕی قەیرانەکان بوون نەک دەربڕی داخوازیەکی سیاسی ئەم یان ئەو بزووتنەوەی سیاسی، وەک بزووتنەوەی ئیسلامی، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ژیانێک بوون کە لە سایەی قەیرانێکی قورسدا، قورستر لە هەر

سەردەمێکی ڕابووردوو، ڕێکدەخرێت و بەڕێوەدەبرێت. وە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای قەیرانەکان، ئەوا دەبینین لە کاتێکا ئەمریکاو ئەوروپا، ئیدارەی کورتهێنانی بازرگانییان دەکردو بە قەرزیش پارسەنگی بودجەیان ڕاست دەکردەوە، ئەوکاتە هێشتا، بەشێکی گەورەی خۆرهەڵات، بەتایبەت وڵاتانی نەوتی، ئیدارەی زێدەی بازرگانییان دەکردو قەرزیان دەبەخشیە وڵاتانی پیشەسازی. بەڵام ئەمە لەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی نەوتدا، گروپی یەکەمی لە وڵاتانی پیشەسازی ناچارکرد، بە ئامانجی کۆنترۆڵ کردنی ناوچە نەوتیەکان، جەنگەکان بەرەو خۆرهەڵات بەکێش بکەن، ئەمەیش بە مەبەستی داگرتنی نرخی نەوت کە گرفتی گەورەی بۆ پیشەسازی هێنابووە پێش و لە قەرزو کورتهێنانەکانی زیاد دەکردن. ئەمە جگە لەوەی کە نەبوونی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی کاڵا ئیستیهلاکیەکان و تەقەمەنیەکان و تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووەکان، وڵاتە پیشەسازیەکانی ناچارکرد بە چاوخشاندنەوەیەک بە جوگرافیای جیهاندا بە ئامانجی سەرلەنوێ گۆڕینی لە ڕێی دەستگرتنەوە بەسەر بازاڕە گرنگەکاندا. بەڵام سەرباری ئەو هەوڵانەیش، لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی بازاڕی یەکگرتووی وڵاتە پێشکەوتووەکان، کەوتۆتە بەر پرسیار. نموونەی ئەو ئایندەیەیش لە سۆڤیەتی جاراندا دەبینرێتەوە کە بە تەواوی لەبەریەک هەڵوەشایەوە. ئەمەیش وەک دەرئەنجامی بەشێک لەو قەیرانانەی بەسەر جیهاندا تێپەڕین و تەواوی جوگرافیای سیاسی جیهانیشیان گۆڕی. گۆڕانی گەورە لە قەوارەی بازرگانی سۆڤیەتی و کورتهێنانی بودجەو قەرزو پەنابردن بۆ ڕێسێرڤەکانی لە پێناوی دانەوەی ئەو قەرزانەدا کە لە تێکچوونی پارسەنگی بازرگانی و ڕێژەی بەرزی هاوردەدا تووشی هاتبوو لەگەڵ ئەمریکاو کەنەداو ئوسترالیاو ئەوروپادا، بووە مایەی داخستنی دەرگێکی ئابووری لە سۆڤیەتدا کە هەموو ژیانی ئابووری ئەو وڵاتەی تووشی ناهاوسەنگی کرد.

یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردووەوە، بە ناچاری، دەستی خستە نێو نەوت و گازی سروشتی وڵاتەوە لە پێناوی دەستکەوتنی دۆلاردا، ئەمە هەروەک چۆن قەرزی لە ئەوروپا دەکرد بۆ پێدانی بەهای کاڵا هاوردەکراوەکان بە هەمان دراوی ئەوروپا خۆیان. هەربۆیە لە ئێستادا، بۆ خۆپاراستن لە دووبارەبوونەوەی ئەو گرفتە، ڕوسیاو چین، لە پەیوەندیە بازرگانیەکانیاندا، ئەو مەرجەیان سەپاندووە کە دەبێت وڵاتانی دەرەوە، بە دراوی ڕوسی و چینی؛ بازرگانی لەگەڵ ڕوسیاو چیندا بکەن. پێچەوانەکەی ئەمە لە ڕابووردوودا، یەکێک بوو لەو هۆکارە گەورانەی هەر لە ساڵی ١٩٨٧ دا، قەرزی سۆڤیەتی

گەیاندە ٢٦ ملیار دۆلارو کورتهێنانی بوجەی گەیاندە ١٨٠ ملیار دۆلار لە ساڵی ١٩٨٥ دا (١٢٪ ی داهاتی نەتەوەیی). ئەمانە بە گشتی، هاوشان لەگەڵ تێکچوونی پارسەنگی بازاڕی هاوبەشی سۆڤیەت و ئەوروپای خۆرهەڵاتدا، بەتایبەت درێژەکێشانی ناکۆکیە ناوخۆییەکانی پۆلۆنیا لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوودا کە وڵاتێکی گرنگی ئەو بازاڕە هاوبەشە بوو، بە دارمانی یەکجارەکی ئابووری سۆڤیەت کۆتایی هات کە بە یەکێک لە ئابووری و بازاڕە هاوبەشە گەورەکان دەناسرا لە جیهاندا.
لەم چەرخەدا، هەردوو ئەمریکاو ئەوروپای یەکگرتوو، ڕووبەڕووی هەمان مەترسی بوونەتەوە. ئەو مەترسیەی کە لە مێژوودا، چەندان ئیمپراتۆریەتی لەنێو بردووە، ئەمە هەروەک چۆن ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو گۆڕانکاریە جیهانیانە، جێگای بریتانی مەزنیان گۆڕی بە ئەمریکاو جێگای سۆڤیەتیان بەخشی بە چین.

## لە کۆتاییدا:

مایەوە سەر ئەوەی، دیتنی خۆمان، دەربارەی چارەسەری قەیرانەکان بخەینەڕوو. بۆیە هەر بە گەیشتنمان بە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە، پرسیارێکی نوێی پێویست دەربارەی جیهان، ڕووبەڕوومان دەبێتەوە: ئایا قەیرانی ئەم چەرخەیش وەک قەیرانە ئابووریەکانی ڕابووردووی جیهان، چارەسەر دەکرێت؟
چارەسەری قەیرانەکان، کە واتای دەرچوون دەگەیەنێت لە سستبوون و داچوونی ئابووری و سەرلەنوێ گەشانەوە، هەرگیز ڕوو نادات، بەبێ دابەزینی بۆ نموونە پێشوەختی کرێیکار، نزمبوونەوەی نرخی نەوت، نزمبوونەوەی بەهای تێچوونی سەرمایەی نەگۆڕ بە تایبەتی.
وەک دەبینین، هەر ئێستا نرخی نەوت لە بەرزترین ئاستەوە کە ١٢٠ دۆلار بوو، بە زەبری جەنگەکان، دابەزێنراوە بۆ ٤٠ دۆلار. کرێی کاریش هەروەها. سیاسەتی دەستگرتنەوەو سکەهەڵگوشینیش، واتای کەمکردنەوەی خەرجی دەوڵەتانە لە خزمەتگوزاریەکاندا لە بەرژەوەندی بودجەی دەوڵەت. بەڵام تا ئێستا، هەموو نیشانەکان، درێژتربوونەوەی قەیرانەکان و جەنگەکان نیشان دەدەن نەک بە پێچەوانەوە. ئایا بە نزمبوونەوەی بەهای تێچوونی سەرمایەی نەگۆڕ لە ئایندەدا، هەموو شتێک دەچێتەوە جێگای خۆی؛ یان دەبێت وەک پێویست، وەرچەرخانێکی مێژوویی ڕوو بدات لە جیهاندا؟

له تەواوکردنی ئەم بابەتەدا، وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە: ئایا ئەم جارەیش سەرمایەداریی، چارەسەری قەیرانەکانی دەکاتەوە، واتە ئایا بازاڕی تەواوی لەبەردەستدایە بۆ تێپەڕکردنی ئەو سنوورە بەر تەسکەی تووشی قەیرانی قازانجی دەکات، یان تێکڕای مرۆڤایەتی بەکێش دەکاتەوە نێو قەسابخانەیەکی خوێناوی تر لە هەر سەردەمێکی ڕابووردوو؟ وە ئایا لە بەرامبەردا، ڕووناکیەک هەیە ئایندەی ئەم مێژووە ڕەشە نیشان بدات؟ ئایا ململانێی مێژوویی نێوان سەرمایەو کار، نێوان برجوازیەت و پرۆلێتاریا، وەرچەرخانێک لە مێژوودا دروست دەکات؟

## سەرچاوەکان:


گران بوونی خۆراک/ڕێکخراوی جیهانی فاو:
www.fao.org/home/en

زێدەی بەرهەمهێنان:

www.michaeljournal.org/lesson2

قەرزی وولاتان:

-Global Research
-The Economist
-European Parliament /News

٤) دەتوانیت هەموو چرکەساتێک، قەرزی جیهان بە گشتی و قەرزی هەر وولاتێک بەجیا و بەشی هەر تاکێکیش لەو قەرزە ببینین لەم کاژێرە ئەلەکترۆنیەدا:

www.economist.com/content/global_debt_clock

٥) نرخی نەوت
http://en.engormix.com

٦) کورتهێنانی بودجە - ڕێژەی بێکاری
Organisation for Economic Co-operation and Development
(**OECD**)